# دیاردەی کۆچی بەردەوام بەرەو کوردستان.. ئاسایشی نەتەوەیی.. تەقینەوە

محەمەدی مشیر

ماوەیەکە ئارامی و هێمنی هەرێمی کوردستان مایەی پەناهێنانی هاوولاتییە عەرەب و مەسیحییەکانی شارە جیاجیاکانی عێراقە و، پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان لە ترسی زەبرو زەنگ و توندوتیژی و هەڕەشەی بەردەوامی گرووپە تیرۆریستەکان دەیکەنە پەناگەیەکی ئارامی خۆیان. مافی پەنابەری و ئازادی لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون، مافێکە لە زۆربەی یاسا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکاندا پارێزراوە و داکۆکی لێکراوە، بە تایبەتیش ئەگەر پەنابردنەکە لە چوارچێوەی سنووری یەك ولاتدا بێت و لە شارێکەوە بۆ شارێك یا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی خودی ئەو ولاتە بێت.

کۆچکردنی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دیاردەیەکە، لەوەتەی مرۆڤایەتی درکی بە بوونی خۆی کردووە، هەر هەبووە و تا جەنگ و تیرۆر و ناعەدالەتی بمێنێ ئەویش هەر درێژەی دەبێ. کەواتە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە و پێویستە لەم روانگەیەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. رەنگە کۆچ لە رێگەی هۆکارێکەوە تا هۆکارێکی دی جیاوازی هەبێت، بەلاّم لێرەدا مەبەستمان ئەو کۆچە ناچاریی و زۆرەملێیانەیە کە مرۆڤ ملکەچ دەکا هانای بۆ ببا ئەگەرچی هەمیشە پێچەوانەی ویست و خواستی خۆیشی بێت. لەم جۆرە کۆچەدا مرۆڤ بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێ تەنها بۆ ئەوەی گیانی خۆیی و ئەندامانی خێزانەکەی تێدا بپارێزێ و لە مەترسی دووریان خاتەوە، بۆیە زۆر جاران روو لە نزیکترین خاڵ دەکات تا ئەو ئامانجەی بپێکێ.

ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بەدیدەکرێ ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمەوە رووی تێدەکەن لەو جۆرە کەسانەن کە کوردستان دەکەنە ئەو پەناگە ئارامە تا درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بدەن.

(1)

کورد و کۆچ

کورد بە درێژایی مێژووی وەك نەتەوەیەکی بندەست، لە سەر دەستی رژێمە شوڤینستە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ناچار بە کۆچی زۆرەملێیانە کراوە و، رەنگە گەورەترین کۆچیشی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری 1991 بێت. ئەوەی کۆچی نەدیبێ بەدرێژایی ژیانی لە تاڵی و سەختییە مەرگاوەرەکانی کۆچ ناگات، کورد کە ئەم سەختییەی چەندین جار بینیوە و تاڵیەکەشی تێرتێر چەشتووە، ئاساییە ئەمڕۆکە ولاتە ئارامەکەی ببێتە پەناگەیەك بۆ کۆچبەران و پێشوازیان لێبکات، هەروەك چۆن لە کاتی لێقەومانەکانیدا پێشوازی لێکراوە و سنووری ولاتەکانی دەوروبەری بە روودا کراوەتەوە، ئەگەرچی هەندێ بیر تەسکی شۆڤینی ئەمڕۆکە بە بیانووی لاوازی جیاجیاوە لێرە و لەوێ دەنگیان بەرز دەکەنەوە و بە شێوەیەکی کوێرانە دژی کۆچی ئەو هاووڵاتییە سڤیلە بێپەنایانەن کە روو دەکەنە کوردستان، وەك ئەوەی رۆژێك لە رۆژان خۆیان لەو جۆرە هەلۆیستە کەمەرشکێنەدا نەبینیبێ و هەرگیزیش وایان بە سەر نەهاتبێ! بۆیە لەم هەلومەرجەی کوردستاندا ئاساییە خەڵکانێك هانای بۆ بێنن و دەبێ لەم رووە مرۆییەشەوە سەیری دیاردەی کۆچ بکرێت، بەلاّم بۆ رێگرتن لە ئاکامە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئەم دیاردەیە دەرفەت نەدان بەو کەسانەی لە پەنای ئەم دیاردەیەوە دەخزێنە نێو کوردستان و باری ئارام و ئاسایشی دەشێوێنن، پێویستە حکومەت و دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم کۆمەڵێك رێوشوێن بگرنە بەر، لەوانەش:

(2)

رۆڵی حکومەت

دیاردەی کۆچ و پەناهەندەیی دیاردەیەکی جیهانییە وتەنها تایبەت بە کوردستانەوە نییە، بەلاّم دەکرێ حکومەتی هەرێم سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، کە خەریکە لە کوردستاندا تەشەنەدەکات، پۆزەتیڤانە بیقۆزێتەوەو، لایەنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کاروباری کۆچبەران و پەناهەندەکان ئاگادار بکاتەوە و داوای هاوکاری و هەماهەنگیان لێبکات

تاكو له لايەكيان كۆنترۆڵی بێسەروبەری  دياردەكە بكا و، له لايەكی ديكەشدا رای گشتی جيهانی و ناوچەكە له دياردەكە ئاگاداربكاتەوەو ئەو لايەنانە ناچاربكات تا له كوردستاندا كەمپی تايبەت و خەرجييەكانی بژێوی و شێوازی هاتوچۆ و ئاسايشی پەناهەندەكان دابين بكەن، هەروەك چۆن ئێستاكە له ناوچەی (دارفۆری) سوداندا هەمان رێوشوێن له لايەن رێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان پێڕەو دەكرێ و كۆچبەران ناوچەيەكيان بۆ دابينكراوە. پێشتريش له بۆسنە و هرزگۆڤينيا هەمان شت بۆ ئەو موسڵمانانە كرا كە له ترسی توندوتيژی سرِبەكان بە ناچاری ماڵ و ناوچە و شارەكانی خۆيان جێدەهێشت. كەواتە هەنگاوی يەكەم بۆ بەرقەراركردنی ئاسايش و سووككردنەوەی كاری دەزگاكانی ئاسايشی هەرێم لەم رێگەيەوە باشتر دەبێت . له هەمان كاتيشدا ئەم هەنگاوە رێخۆشكەر دەبێ بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك كێشەی لابەلای له كۆڵبێتەوە، كە راستەوخۆ كاريگەريان له سەر باری دەروونی و بژێوی هاووڵاتيانی كوردستان هەيە، لەوانەش كێشەی بەرزبوونەوەی نرخەكانی بازاڕ و كرێ و قەيرانی خانووبەرە و هاتوچۆ و هەڵاوسانی رێژەی دانيشتوانی سەنتەری شارو شارۆچكەكانی سنووری هەرێم و تەنانەت هەندێ له كۆمەڵگاكانی دەوروو‌بەری شارەكانيش.

(3)

رۆڵی دەزگاكانی ئاسايش و هەواڵگری

ئاشكرايە كە تيرۆر، دوابەدوای رووداوەكەی نيۆيۆرك له 11 سێپتامبەری 2001 دا، بۆتە دياردەيەكی جيهانی و هەرِەشە له ئاشتی و ئاسايشی نێودەوڵەتی دەكا، ئەمەش وايكردووە له بەرامبەردا بەرەيەكی دژە تيرۆر له سەرتاسەری جيهاندا بێتە ئارا تاكو رێگە له تەشەنكردنی پتری ئەم پەتايە ترسناكە بگرێت.

جەنگەكانی دژە تيرۆر وەك جەنگە كلاسيكييەكان نين تا بەرەی دوژمنت بە روونی لێ دياربێ، ئەمە جەنگێك نييە تانك و زرێپۆش و تۆپی تێدا بەكاربێت بۆ ئەوەی ئەگەر بەرامبەرەكەت 10 تانكی هەبوو تۆ 20 تانك بەريتە بەرەكانی جەنگ، بەڵكو جەنگی تيرۆر جەنگێكی نهێنيە و شوێن و بەرەی دوژمن ناديارە. لەم تەرزە جەنگەدا تۆ ديار و جێگيری و هێزەكانی تيرۆر ناديار و جێگۆڕ، ژمارەی هێزەكان لەم جەنگەدا رۆڵ نابينێ بەڵكو چۆنيەتی رێكخستن و مەشقپێكردن و راهێنانيان له سەر شێوازی مۆدێرنی رووبەڕووبونەوەی تيرۆريستان گرنگە. بۆيە بەر له هەموو شتێك ستراتيژ و تاكتيكەكانی ئەم جەنگە متمانە دەكەنە سەر كۆكردنەوەی هەرچی زانياری پتر له بارەی ئەو گرووپانە و شێوازی كاركرد و ئاليەتی جموجۆڵەكانيان، له لايەكی ديكەدا تيرۆريستان بەر له هەر هێرشێكی دڕندانەيان جەنگێكی دەروونی له دژی بەرامبەرەكەيان بەرپا دەكەن و بۆ ئەمەش سوود له هەموو شێوە و كەرستەكانی تەكنۆلۆژيای پێشكەوتووی بواری گەياندن و پەيوەندی كردن وەردەگرن (ئەنتەرنێت، بێسيم و هاندی پێشكەوتوو....)، كەواتە جەنگی ئێمە له دژی تيرۆردا جەنگێكە يەكێك له كۆڵەكە بنەڕەتييەكانی (زانيارييە)و بەبێ هەبوونی زانياری ناكرێ كۆمەڵگەيان لێپاكبكرێتەوە.بايەخدان بە بەرزەفتكردن و رێكخستنی ئەندامانی ئاسايش و هەواڵگری و هێزەكانی پۆليس شێوازی رووبەرووبونەوەی كارە تيرۆريستييەكان ئاسانتر دەكا و، هاوكاتيش زەمينەی بنبڕكردنی ئەو مۆڵگە ناوخۆيانە فەراهەم دەكات كە هەميشە يەكێك له سەرچاوە خەتەرناكەكانی بەرهەمهێنانی تيرۆر پێكدەهێنن و زۆرجارانيش چاوساغيان بۆ دەكەن يا داڵدەيان دەدەن.

(4)

رۆڵی جەماوەر

شانبەشانی هێزەكانی حكومەت له هەر شوێنێكدا گيانی جەماوەريش ئامانجی هەرە له پێشی كردەی رەشی تيرۆريستان بووە و، له هەر تەقينەوەيەكيشدا دەيان هاووڵاتی ئاسايی بوونەتە قوربانی و دەيانی ديكەش لايەنی كەم بريندار بوون. يەكێ له ئامانجە هەرە گلاوەكانی تيرۆريستان له ناوبردن و رەشكردنی ژيانی هاووڵاتيانە، ئەوان له هيچ كردەيەكی دڕندانەياندا پێچەوانەی ئەمەيان پێنەسەلماوە، بەڵكو هەميشە مافی ژيانيان تەنانەت بە ساواترين منداڵيش رەوا نەبينوە. بۆيە پێويستە، له رێگەی پتەوكردنی پەيوەندی نێوان دەزگاكانی حكومەت و هاووڵاتيان ، بە رەواندنەوەی ئەو ترسەی ناوی (ئاسايش) له

لایانی دروستکردووه، کەلێنی نێوان دەسەلاّت و جەماوەر بەرتەسکتربکرێتەوە و هاوولاّتیانیش رۆلّی ئەکتیف و ئەرێنی خۆیان لە کەمکردنەوەی سەرپێچییەکان و بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆردا ببینن. هوشیارکردنەوەی هاوولاّتیان و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونەی کوردستان لە گەف وهەڕەشەی ئەو هێز و گرووپە تاریکپەرستانەی چاویان بە رووناکی و ئارامییەکەی ئێرە هەلّنایە.بۆیە پێویستە دەسەلاّتی کوردستانی لە رێگەی باشترکردنی رەفتار و هەلّسوکەوتی ئەندامانی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس وا لە خەلّکی کوردستان بکا کە ولاّتیان خۆشبوێ و بە هی خۆیانی بزانن، کەی ئەم هەستە لە لای جەماوەری خەلّك پتەوبوو ئەو کاتە ئەوانیش باشتر و کاراتر ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و لە دەرەنجامی کۆتایشدا کاری دەزگاکانی  پاراستنی ئاسایش ئاسانتر دەبێت.دەبێ هاوولاّتیانی کوردستان بە روونی هەست بەوەبکەن کە ئەرکی ئەندامانی  دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس تەنها و تەنها بۆ پاراستنی ژیان و ئاسوودەیی ئەوانە ، کەی ئەم  متمانەیان لە لا دروست بوو ئەو کاتە ئەوانیش هاوکارتر و نزیکتر دەبنەوە.نیشتمان بەر لەوەی هی دەسەلاّت و حزبەکان بێت هی خەلّکی کوردستانە، گیانی هاوولاّتیانیش بەر لەوەی پاراستنی بکەوێتە ئەستۆی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەت، پێویستە لە لایەن خودی هاوولاّتیانەوە بپارێزرێ .